پوتن ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ هاوتا ئەمریکییەکەی نیشاندا



ڤلادیمیر پوتن، سەرکۆماری ڕوسیا ڕایگەیاند، ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ هاوتا ئەمریکییەکەی، لەسەر هەندێک پرس، لەوانە شەڕی ئۆکرانیا و نرخی وزە، دەشێت، "ئەگەر لە 2020 سەرکۆوتن لە ترەمپ نەدزرایە، شەڕی ئۆکرانیا ڕوی نەدەدا".

ڤلادیمیر پوتن، ئەمە هەینی لە میانی سەردانێکدا بۆ زانکۆی دەوڵەتی مۆسکۆ ڕایگەیاند، ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ هاوتا ئەمریکییەکەی، لەسەر هەندێک پرس، لەوانە شەڕی ئۆکرانیا و نرخی وزە.

ئاماژەی بۆشکرد، "لەدوانەکانی سەرۆکی ئێستای ئەمریکامان بینی سەبارەت بە ئامادەیی ئەو وڵاتە بۆ کاریهاوبەش، ئەمەش هەمیشە ئامادەین و دڵگامان کراوەیە بۆ ئەو بابەتە".

ڤلادیمیر پوتن جەختی لە ڕەکەکۆتنی خۆی لەگەڵ ترەمپ کردەوە و دەڵێت، "دەکرا شەڕی ئۆکرانیا دور بخرێتەوە ئەگەر ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی پێشوی ئەمریکا لە ساڵی 2020دا لە سەرکۆوتن بەبەش نەکرایە"، هەروەها پەیوەندیەکەی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بە پەیوەندیەک لە سەر بنەمای متمانە و پراگماتیزم وەسف کرد.

ئەوەشی خستەو، پرسی دانوستان لەگەڵ ئەکرانیا ئانێز، چونکە ڤلادیمیر زلینسکی سەرکی ئەکرانیا بەیارکی واژە کردوە کە گەڕی لە دانوستان لەگەڵ پوتن دەکات.